# پرۆژەی بەرنامەی ئامادەکراو

## بۆ کۆنگره

### پێشەکی بەرنامە

**کوردستان وڵاتێکی داگیرو دابەشکراوە**، تا ئێستا گەلەکەی لەسادەترین مافی مرۆیی و نەتەوەیی تەنانەت لەهەندێ پارچەی کوردستاندا لەمافی نیشتەجێ و هاوڵاتی بوون و ژیانیکی سەروەریانەش بێ بەشن .

ئەو کێشەیە لەگەڵ هەمو ئەو نسکۆو نوچدانانەی ، کە تا ئێستا دوچاری هاتوە ، کەچی بەهۆی خەباتی شیلگیرانەی گەلی کوردستان لەلایەکێ و بەدیارکەوتن و ئاشکرابوون و دەنگدانەوەی تاوانەکانی دوژمنان لەلایەکی ترەوە و بەهۆی لەباری وەزعی ئەمرۆی نێو دەوڵەتان و هێنانە پێشی مەسەلەی گەلەکەمان لەسەر ئاستی جیهانی واخەریکە رێگە چارەی خۆی دەدۆزیتەوە .

سەرباری واقیعی داگیرو دابەشکردنی کوردستان ، گەلەکەمان روبەڕوی دڕندەترین و نادیمکراتی و شۆڤینی ترین دەوڵەت و رژێمەکان بۆتەوە . ئەمەش باری سەرشانی گەلەکەمانی قورسترکردوەو کۆسپو تەگەرەی زۆری بۆ پێش هێناوە ، لەهەمانکاتدا بارە خۆیی ( ذاتی ) یەکەش نەک هەر لەئاستی هەلوو مەرجەکەدا نەبووە بەڵکو بۆرژوایدواکەوتوی کوردستان لەسی ساڵی رابوردودا کۆسپی گەورەشی خستۆتە پێش و بارەبابەتەکەشی شێواندوە .

هەربویە چارەسەری راست ودروست و بنەڕەتیانەی کێشەی گەلەکەمان بەسەرکردایەتی و رابەرایەتی ئەوان مەحالە .

دەمێکیشە و ئێستاش لەهەموو کاتێک زیاتر ئەوراستیە خۆی سەپاندوە کە هەر کرێکاران و زەحمەتکێشان دەتوانن ئەو ئەرکە بگرنە ئەستۆی خۆیان و بەرەو سەرکەوتنی بەرن .

واقعی ئەمرۆی کوردستانی خواروو ، ئەگەرچی بەهۆی کومەلێک هۆکاری ئابووری وسیاسی کۆمەڵایەتیەوە کەلەئەنجامی داگیرکردنەوە ، بەزۆر کراوەتە بەشێک لەعێراق ، بەڵام ئەمە هەرگیز ئەوە ناگەینێت کەلە روانگەی کوردستانیەوە بۆکێشە نیشتمانی و نەتەوایەتیەکانی نەڕوانین .

بەڵکو هەمیشە ئەمە دوپات کراوەتەوە کە هەرکات هەلو مەرجی لەبار رەخسا وەک ئەوەی ئەمڕۆ لە کوردستانی خوارووداهەیە ، کۆمەلانی خەڵکی دەبێ بەرەو رزگاری و مافی چارەی خۆنوسین رابەرایەتی بکرێ .

حزبی زەحمەتکێشانی کوردستان لەڕوانگەی چینایەتی و بڕوابوونی بەسۆسیالیستی زانستی ، خەباتی خۆی ئاڕاستەدەکا لەپێناو گەیشتنی گەلی کوردستان وەک تەواوی گەلانی تر بەمافی چارەی خۆنووسین لەڕزگار بوون و پێک هینانی دەوڵەتی سەربەخۆ .

### بەشی یەکەم

### کۆمەڵگای کوردستان و پێگەی چینایەتی

کۆمەڵگای کوردستان بەهۆی شوێنی جوگرافی و دووره پەرێزی کوردستان لەلایەک و دواکەوتنە ئابووری و فەرهەنگیەکەی و هۆکاری ئایدیالی لەلایەکی تر ، هەر لەکۆنەوە و لەبنەڕەتدا کۆمەڵگایەکی دواکەوتوو بەجێ ماو بووە . بەڵام داگیرو دابەش کردنی کوردستان ، باری ئەو دواکەوتنەو گەشەکردنەی کوردستانی بەشێوە ئاساییەکەی قورستر کردوە .

بۆرژوا لەهەر شوێنێک ئەگەرچی هەمیشە بەرژەوەندی لەچەق بەستنی ئابووری دایە کەچی بۆرژوای شۆفێنی نەتەوەی سەردەست بەهۆی دواکەوتن و فیکری شۆفێنیستی خۆی بەرامبەر گەلی کوردستان ، بە بەراورد لەگەڵشوێنەکانی تری دەوڵەتەکانیان بایەخێکی ئەوتۆی ئابوری و کومەڵایەتی و فەرهەنگیان بە پەرەپێدانی کوردستان نەداوە .

**کۆمەڵگای کوردستان وەک هەر کۆمەڵگایەکی تر فرە چینە ، بەڵام بەهۆی ئەو فاکتەرانەی سەرەوە ، پێکهاتووە چینایەتیەکەی شێوێنراوەو لەچەند ساڵی رابردووشدا گۆڕانی بەسەر داهاتووە ، بەم پێیەی خوارەوە ..**

* بۆرژوای کوردستان بۆرژوایەکی دواکەوتوو پاشکۆیەو بەهۆی بەتەواوی پاکتاونەکرانی دەرەبەگایەتیش نەبۆتە خاوەن پێگەیەکی ئابووری بەهێزو خۆیلەچینێکی پێ گەیشتو ڕێک نەخستووە . بەو پێیەی ئەو بۆرژوایە بەم لاوازیە نەیتوانیوە ئەرکی مێژووی خۆی لەسەرخستنی جوڵانەوەکەدا ببینێ ، تا ئێستاش

لەژێر تەئسیری فیکری عەشاری و دەرەبەگایەتی رزگاری نەبووەو ناشتوانێ بەتەنها جوڵانەوەی رزگاری خوازی کوردستان بە سەرکەوتن بگەیەنێ .

* بۆرژوای بچووک و ناوەندیش بەهۆی گۆڕانکاریەکانی نێو کۆمەڵگای کوردستان چینێکی فراوان پێک دێنن و بەشداریەکی کاریگەریان لەشۆڕش و راپەریندا کردووە ، بەڵام ئەوانیش بەهۆی راڕای و تەنگ نەفەسیان نەیانتوانی جوڵانەوەکە بەسەرکەوتن بگەیەنن .

* جوتیاران کەبەشێکی زۆری دانیشتوانی کوردستانیان پێک دێنا ، بەڵام لەراگواستن و وێران کردنی گوندەکان و سیاسەتی شوفینیستانەی رژێم ، ئیستا وەک چینێکی یەکگرتو نەماون بەشێکیان چونەتە ریزی کریکاران و بەشێکی دیکەیان بونەتە پیشەگەرو زوربەشیان لەئوردوگا زۆرەملێیەکان چونەتە نێو سوپای بێکارانەوە . ← [illegible]

* چینی کریکاری کوردستان کەبەهۆی هۆکاری دەرەکی پێکهاتوەو بەهۆی وابەستەیی و لاوازی بۆرژوای کوردستان ، ئەویش لاوازو دواکەوتوە بەڵام کریکاران بەرەچاوکردنی رۆڵە مێژووییەکەی لەپرۆسەی بەرهەم هێناندا لەبەرژەوەندی دایە کەئامانجە چینایەتی و نەتەوایەتیەکانی بەهاوپەیمانیەتی لەگەڵ زەحمەتکێشانی کۆمەڵگای کوردستاندا لە هەردوقۆناغی رزگاری نیشتمانی و پاشان سۆسیالیزم بەسەرکەوتن بگەیەنێ .

## بەشی دووەم

## سروشت و ئامانج و ئەرکەکانی ئەم قۆناغە

سروشتی ئەم قۆناخە لەکوردستاندا رزگاری نیشتمانی و دیموکراسیە ، واتە تائێستا ئەم قۆناخە چاوەرێی تەواوکردنی ئەرکەکانی دەکا . حزبمان تەواوکردنی ئەم قۆناخە بەگەیاندنی گەلی کوردستان بە مافی چارەی خۆنوسین و رزگاری بەئەرکی بنچینەیی خۆی دەزانێ .

راپەرینی قارەمانانەی بەهاری ساڵی ١٩٩١ بەبەشداری تەواوی چین و توێژەکانی کۆمەڵ ، دوای ساڵەها ریزە پەرش و بڵاوەکانی گەلی کوردستانی یەکخستەوە . ئەو یەکێتیە پێداویستیەکی گرنگ بۆ دەربازبونی گەلەکەمان لەقۆناغی رزگاری نیشتمانی دەرەخسێنێ ، بەمەرجێک پارێزگاری لێ بکرێ و پەرەی پێ بدرێ و گەلی یەکگرتوی کوردستان بەرەو بەدەست هێنانی تەواوی مافەکانی گوش و پەروەردەو رابەرایەتی بکرێ .

بۆرژوای کوردستان کە بۆرژوایەکی پاشکۆو لاوازە بەهۆی سوربوونی لەچارەسەری نیوە چڵ و ریفۆرمانەی کێشەکە ، بەتەنها توانای ئەرکەکانی ئەم قۆناخەی نیە . بۆیە تەواوکردنی ئەرکەکانی ئەم قۆناخە بەندەبەبەشداری کاریگەری نوێنەرانی کریکارو زەحمەتکێشان لەسەرکردایەتی کردنی جوڵانەوەکەو پاوان نەکردن و ئینفراد نەکردنی چیتری بۆرژوا لەم سەرکردایەتیە .

### ا - مافە ئازادیەکان

### ١- دەسەڵاتی سیاسی

لە کوردستاندا دەسەڵاتی یاسا ڕێژی و تەنفیذی و دادوەری لەرێگەی ئەنجوومەنی راستەوخۆ هەڵبژێراوی خەڵکەوە لەپێناوی خەڵک کاروبارەکانی ئابوری و سیاسی ، کۆمەڵایەتی و رۆشنبیری ، بەرگری و دبلۆماسی و هەمو جۆرە چالاکی و پێویستیەکی دیکەی کۆمەڵ دەگرێتە دەست ، ئەنجوومەنەکەش ئەرکی سەرشانیەتی لەگونجاوترین هەڵکەوتی سیاسی کۆمەڵایەتیدا ، دەستورێکی هەمیشەیی دیموکراسی پاش مشت و مڕێکی ئازادانە لەناوغەللەتدا بکاتە دوو ڕێنمای یاسای گەلی کوردستان .

### ٢) ئازادی سیاسی

ا) تەواوی حزب و گروپ و لایەنەسیاسی ، رۆشنبیری ، پیشەیی و جەماوەری هەموو کەسێکی کۆمەڵ ئازادی بی قەیدوشەرتی سیاسی بۆ دەربرینی بیوورای سەربەستانەی ، دابین بکرێ .

ب) لەسەر ئازادی بیروباوەڕ هیچ کەسێک ، راوەدوی یاسایی نانرێو ناگیرێ ، ئەشکەنجە نادرێو سوکایەتی پێ ناکرێ و عیدامی سیاسی بەهەموو چەشنێ هەتاهەتایی نەمێنێ .

ج) سەرجەم دەزگاکانی راکەیاندن ، ئیزکە ، تەلەفزیۆن ، رۆژنامەوکۆڤار ، سینەماو شانۆ و هۆڵ و گۆڕەپانەکان ، بۆهەمو لایەکی سیاسی و رۆشنبیری و پیشەیی و مەزهەبی ، هەروەها بۆهەمو کەسایەتیەکان ئازادبکرێ .

د) هەمولایەک و حزبێکی سیاسی ، داوودەزگای رۆشنبیری ، مافی کردنەوەی بارەگاو هەڵسورانی سیاسی و کومەڵایەتیان هەبێ و پۆلیس و داوودەزگا تایبەتیەکانی دەوڵەت ، بێ پرسی و بریاری دادگا نابێ بارەگایان داخەن و هەڵسورانی سیاسیان قەدەغە بکەن .

ئەندام و هەلسوراوانی هەمولایەکی سیاسیو رۆشنبیریش نابێ دادگای نهێنی بکرێن و هۆیەکانی بریاری لێکولینەوەیان و دەبێ بەرێبەرایەتیان رابگەیەنرێ و مافی بەرگری لێکردنیان بدرێتێ .

هـ) هەموکەسێکی کومەڵ ( ئافرەت و پیاو ) ١٨ ساڵێ تەمەنی بێ مافی هەڵبژاردن و هەڵبژیرانی بۆ هەموو داوودەزگایەکی یاسارێژی و تەنفیذی و مللی و شارەوانی هەیە .

### ب ـ شێوەکانی خەبات لەم قۆناخـــەدا

حزبمان وێڕای ئەوەی کەراپەرین و خەباتی شۆرشگێرانەی جەماوەری لەسەروی شێوەکانی تری خەبات دادەنێ . باوەری بەیەکەوەگونجاندنی تەواوی شێوەکانێ تری خەباتی سیاسی و ئابوری و چەکداری و تەنزیمی و دبلۆماسی و سەندیکایی و فەرهەنگی هەیە ، لەپێناوگەیشتن بە ئامانجەکانی گەلی کوردستان .

### جـ هاوپەیمانیەتـــی

هێنانەدی ئەو ئامانجەی کە حزب لەبەرنامەی خۆی دا دیاری کردوە ، بەبێ بوونی هاوپەیمانیەتیەکی توندو تۆڵ و فراوان نایەتەدی لەرێگەی : ـ

١) بەرەی کوردستانی،کە دەسکەوتێکی گرنگە لەقۆناخی ئەمرۆی خەباتی گەلەکەمان بۆ ئەوەی ئەرکی مێژووی خۆی ئەنجام بدا پێویستە لەکەمو کوریەکان رزگاری بکرێ و دامو دەزگاکانی پێشمەرگەیی و راگەیاندن ، دارایی ، پەیوەندیەکانی دەرەوە یەکخا . تەنها ئەم کاتە دەبێتە بەرەیەکی کاریگەر لە مەیدانی خەباتــدا .

٢) پتەوکردنی گیانی هاوپەیمانیەتی و بینینی رۆڵێکی کاریگەر لەپتەوکردنی هێزی ئۆپۆزسیۆنی عێراقی بۆروخاندنی رژێمی دکتاتۆری و شۆفێنی و وەدی هێنانی دیموکراسی بۆعێراق و مافی چارەی خۆنوسین بۆ کوردستــان .

٣) پێکهێنانی هاوپەیمانیەتی نێوان هیزە چەپ و شۆرشگێرەکانی کوردستان ، کەشوێنیان لەشێوە هەوا و پەیمانیەتەکانی تر بەهێزتر دەکات .

### د ـ خەباتی هاوبەش لەگەڵ حزب و رێکخراوە کوردستانیەکان

حزبمان لەپێناوی هەمو جۆرە هاوکاری و هاوخەباتیەکی دوقۆڵیو بەرەیی لەگەڵ حزب و رێکخراوەکانی تری پارچەکانی جوڵانەوەی رزگاری خوازی کوردستانی خوارو بەشێکی جیانەکراوەی سەرجەم جوڵانـــەوەی رزگاری خوازی کوردستان و نەتەوەی کوردە .

بەتایبەتی لەم سەردەمەدا کەسەردەمی دیموکراسیەت و مافی مرۆڤ و گەلانە،گۆرانکاریەکانی دونیاش لەهەموکاتێک زیاتر یارمەتی دەری ئەو بەیەکەوە گرێدانەن .

بۆئەوەی وەک چاوەروانە کێشەی گەلی کوردستان نەک بەجیا لەهەرپارچەیەک بەڵکو وەک کێشەی نەتەوەیەکی نزیکەی سی ملیۆنی لەسەر ئاستی ناوچەکەو جیهان بخرێتە روو ، حزبمان لە پێناوی پێکهینانی دام و دەزگا نەتەوەیی و کۆنگرەی کوردستانی و ناساندن و راکێشانی رای گشتی جیهانی و کۆرو کۆمەڵە نێودەوڵەتیەکان بۆلای کێشەکەمان لەلایەکی تر خەبات دەکا .

### هـ ـ پەیوەندی هاوخەباتی لەگەڵ بزوتنەوەی رزگاری خوازی ناوچەکەو دنیا .

هەرچەندە دوای گۆرانکاریەکانی ئەم دواییەی جیهان گۆرانێکی گەورەش بەسەر ئەم پەیوەندیەدا هاتوە بەڵام ئەوە دیسان واناگەیەنێ کەبزوتنەوەی شۆرشگیری دنیا لەپێناو رزگاربون و نەهێشتنی چەوسانەوەی نەتەوایەتی و چینایەتی و رەگەزی ، یەک بزوتنەوە نیە . بەڵکو سەرکەوتنی هەر بزوتنەوەیەکیش لەهەر شوێنێک سەرکەوتنی شوێنەکانی تریشە بۆیە حزبمان خەبات دەکا لەپێناو : ـ

١) پتەوکردنی پەیوەندی دۆستانە لەگەڵ گەلانی ناوچەکە بەتایبەتیش لەگەڵ گەلانی عەرەب و فارس وتورک لەپێناو دیموکراسیەت و پاراستنی ئاشتی ناوچەکەو رزگاری گەلان .

٢) بزوتنەوە رزگاری خوازو دیموکرات خوازو پێشکەوتو خوازەکانی دونیا لەپێناو پاراستنی ئاشتی و ئاسایشی جیهان و پاراستنی مافی مرۆڤ و گەلان .

## بەشی سێیەم

### ئامانجە نزیک و دوورەکانی حزب

لایەنی کەمی بەرنامەی حزب لەم قۆناغەدا بریتی یە لە خەبات بۆ روخاندنی رژێمی دیکتاتۆری و شۆڤێنستی عێراق و هاتنەکایەی کۆمارێکی دیموکراسی کەمافی چارەی خۆنووسینی گەلی کوردستان بێ مەرج بسەلمێنێ ، ئەمەش لەگەوهەردا ، جیاکردنەوەو دامەزراندنی کۆماری دیموکراسی سەربەخۆی کوردستان دەگەیەنێ ، گەرچی بۆ ئەم هەل و مەرجە مافی فیدرالی بەرجەستە بووە . هەروەها ،رزگاری تەواوی کوردستان و یەکگرتنەوەی هەموو بەشەکانی و چەسپاندنی دیموکراسی و ئازادی و پیشکەوتنی کۆمەلایەتی لە کوردەواریدا ، بەشێکن لەبەرنامەی لایەنی کەم .

لایەنی دووری بەرنامەی حزبیش ، بنیادنانی سۆسیالیزم و کۆمەلێ بی چین وچەوساندنەوەیە بەپێی تایبەتمەندیەکانی کوردو کوردستان .

## بەشی چوارەم

### ئەرکەکانی ئیمرومان

ئازادیە سیاسی و دیموکراسی یەکان بەبێ لەناوبردنی دیکتاتوریەت و شۆڤێنیەت و سرینەوەی ئاسەوارەکانی نایەتەدی . حزبمان لەم قۆناغەدا شان بەشانی هێزە ئۆپۆزیسیۆنەکانی کۆردستانی و عێراقی لە پێناوی هێنانە سەرکاری جێگریکی دیموکراسی کە کۆتایی بەوەزعی ناهەمواروو نا ئاسایی ئیمرۆی عێراق بێنێ ئازادیە سیاسیەکان لەسەروشیانەوە ئازادی فرە حزبی ، رۆژنامەگەری هەلبژاردن ، دامەزراندنی حکومەتی یاسا ، هەروەها مافی فیدرالی بۆ گەلی کوردستان و مافی کەمەنەتەوایەتیەکان دابین بکات ، تێدەکوشی .

لەکوردستانیشدا حزب وێرای خەباتی لە پیناوی دابین کردنی دیموکراسیەت و هەلبژاردن وئازادیە سیاسیەکاندا ، تێدەکوشێ .

#### ا ـ ئاوەدانکردنەوەی کوردستان

١ـ ئاوەدانکردنەوەی زیاتر لە چوار هەزاری گوندو شارو شارۆچکەکانی کە لەلایەن رژێمەوە کاول و وێران کراون ، بەپێ ی نەخشەیەکی هاوچەرخ .

٢ـ گەرانەوەی خەلک بۆرێ و شوێنی دێرینیان .

٣ـ دابین کردنی پێداویستیەکانی ژیانیکی ئاسودە ( نەخۆشخانە ، ئاوی پاک و کارەباو قوتابخانە)

ـ گەیاندنی رێگاوبان بۆ هەموو لایەکی کوردستان .

٥ـ بەرزکردنەوەی ئاستی ژیان و گوزەران و رۆشنبیریان .

#### ب ـ ئابووری کوردستان

ئابووری کوردستان لە ئەنجامی باردۆخی نائاسایی و شەرە نێوخۆیی و دەرەکیەکان ، وێران بووە سەرەنجام ئابووریەکی دواکەوتوو شێویندراوی لێکەوتۆتەوە . بۆیە ئەرکی سەرشانمانە چارەسەرکردنێکی زانستیانەو واقعیانەی ئابووری کوردستان و پەرەپێدانی دەبەستێتەوە بە :

١ـ بنیاتنانی سیاسەتێکی ئابوری هۆشمەندانەی گونجاو .

٢ـ چاککردنەوەی مەلبەندە ئابوریەکان بەتایبەتی مەلبەندیک کەراستەوخۆ پەیوەندی بەژیان وژینگەی خەلکەوە هەیە .

٣ـ گرنگی دان بە بەرهەم هێنانی نەوت و پالاوتنی و بەکارهێنانی بۆ پەرەپێدانی ئابوری کوردستانو خزمەتی کۆمەلانی خەلک .

ـ بەرزکردنەوەی ئاستی بەرهەم هێنانی کشتوکالی بەتایبەتیش کشت و کالە پێویستەکان بۆ دابین کردنی پێداویستە ناوخوییەکان .

٥ـ چارەسەرکردنی گیروگرفتی ئاو و پرۆژەی ئاوهەلبەستن .

ـ گرنگی دان بەکەرتی پیشەسازی بەتایبەتیش پیشەسازیە سوکەکان .

٧ـ دانانی سنورێک بودیاردەی تەهریب و تەزویری پارە .

٨ـ بایەخ دان بەپرۆژەکانی بەرهەم هینانی ئاژەلداری و پەروەردەی ماسی .

٩ـ بایەخ دان بە گەرانەوەی کادیرو پسپۆرو شارەزاکان ( بەگونجاندنی لەگەل گەراندنەوەی دورخراوەو

ئاواره‌كان ).
١٠ـ هاندانی ئه‌وسه‌لبه‌ندانه‌ی كه خزمه‌تی گه‌شه‌كردنی ئابووری ده‌كه‌ن .
١١ـ دانانی سیاسه‌تی مالی دراو كه‌لتوانای دابی و ریگا له ئاوسانی مالی بگرێت پاره‌ی دراو ئاسایی بكاته‌وه‌و ئاستی گوزه‌ران و بژێو به‌رز بكاته‌وه .
١٢ـ بنیاتنانی سیاسه‌تیكی بازرگانی واقعی و هاوسه‌نگ له‌خزمه‌تی كۆمه‌لانی خه‌لك و هاندان‌و په‌ره‌پێدانی ژێر خانی ئابوری نیشتمانی كه‌لتوانای دابێ په‌ره به‌ئابوری نیشتمان بدا .

### ج ـ مه‌سه‌له‌ی زه‌وی و پیشخستنی دێهات

تا ئیستا مه‌سه‌له‌ی زه‌وی له كوردستاندا چاره‌سه‌ر نه‌كراوه ، به‌هوی باردوخی نائاسایی كوردستان‌و ئه‌ویاساو بریارانه‌ی كه‌له‌لایه‌ن رژێمه ره‌گه‌زپه‌رسته‌كانی عێراقه‌وه ده‌ركراون .گیروگرفتی زۆریان له‌به‌رده‌م چاره‌سه‌ركردنی مه‌سه‌له‌ی زه‌وی هێناوه‌ته پێش .
حزبمان له پێناو چاره‌سه‌ریكی ره‌واو پێشكه‌وتووخوازانه‌ی مه‌سه‌له‌ی زه‌وی له كوردستاندا، به‌پێی یاسایه‌ك كه‌لایه‌ن گری به‌رژه‌وه‌ندی جوتیاران بێ خه‌بات ده‌كا .
له كوردستاندا به‌هۆی سیاسه‌تی ته‌عریب و ته‌هجیره‌وه ، كێشه‌ی جوتیاران هاوشانی ئامانجه دیموكراسیه گشتیه‌كان ، سروشتی تایبه‌تیش هه‌یه كه پێویستیان به‌م خواستانه‌یه : ـ
١ـ یاسای ریفۆرمی كشتوكالی كه‌نێوه‌چلی كێشه‌ی جوتیاران چاره‌سه‌ر ده‌كاو زه‌مینه‌ی كۆمه‌لایه‌تی‌و ده‌ره‌به‌گایه‌تیش ده‌پارێزێ ، ده‌بێ هه‌لوه‌شێته‌وه .
٢ـ دارشتنی یاسایه‌كی كشتوكالی دیموكراسی هاوچه‌رخانه كه به‌ته‌واوه‌تی جوتیار بكاته خاوه‌ن ئه‌رزو ئه‌رزی دێم و به‌راو و پاوان و له‌وه‌رگا ، چوون یه‌ك ، لێره‌وارو دارستان به‌یه‌كسانی له‌سه‌ریان دابه‌ش بكا .
٣ـ هیچ جیاوازیه‌ك له‌دابه‌ش كردنی ئه‌رز له‌به‌ربنه‌مالا ، خێل ، ئاغایه‌تی و ده‌ره‌به‌گایه‌تی‌و، له نێوان جوتیارو مولكداری گه‌وره‌دانه‌مینێ .
ـ نه‌خوشخانه‌و به‌یته‌ره ، قوتابخانه‌ی سه‌ره‌تایی و ناوه‌ندی بۆ هه‌موو گونده‌كان ببرێ و به‌پێی نه‌خشه‌یه‌كی زانستی و ، تێكه‌لاوی پێویستیه‌كانی جوتیاران بكرێ .
٥ـ كاره‌باو چاوه‌بان ، ته‌واوی گوندو ناوچه دلگیره‌كان بگرێته‌وه‌و ببه‌سترێته‌وه‌و به‌نه‌خشه‌ی میكانیزمه كردنی كشتوكال .
ـ دروست كردنی كارگه‌له مه‌لبه‌ندی كشتوكالیه‌كان به‌پێ ی چۆنیه‌تی به‌رهه‌می مه‌لبه‌نده‌كان، وه‌كو كارگه‌ی كه‌مبود( معلبات) ، كارگه‌ی دوشاوی ته‌ماته ، كارگه‌ی چه‌وه‌نه‌ر، كارگه‌ی پیسته ، كارگه‌ی شیرنه‌مه‌نی .... هتد .
٧ ـ راكێشانی ته‌له‌فون بۆ شارو دێیه‌كان .
٨ـ كۆكردنه‌وه‌ی گونده گچكه‌كان له‌گوندی گه‌وره‌و شوێنی ئابوریه شیلوه‌كاندا .
٩ ـ بیمه‌ی ته‌ندروستی بۆ جوتیاران .
١٠ ـ وه‌كو ئافره‌تی شار بایه‌خ پێدانی ئافره‌تی جوتیاری دوگیان و دانانی نه‌خشه‌ی ته‌ندروستی بۆسه‌ر په‌رشتی كردنیان .
١١ ـ هه‌لبه‌ستنی به‌ربه‌ستی پێویست له‌دۆل و شێوه‌مه‌ترسیداره‌كان له‌سه‌ر گونده‌كان بۆ نه‌هێشتنی مه‌ترسی لافاو .
١٢ ـ دروست كردنی زێراب له‌گونده‌كان و دورخستنه‌وه‌ی گه‌ور له‌مالان .
١٣ ـ هاندان و یارمه‌تیدانی جوتیاران بۆدروستكردنی خانوبه‌ره‌ی رێك وپێك و حه‌مام‌و ....
١٤ـ دروست كردنی شانۆ و كێشانه‌ گشتی ~~[illegible]~~ هونه‌ریه‌كان و هونه‌رشێوه‌ و ...

### د ـ كارو كرێكاران و ...

١) په‌ره‌پێدانی یاسای كار دابین كردنی ضه‌مانی ئیجتماعی و خانه‌نشینی .
٢) په‌ره‌پیدانی یاسای له‌شساغی كاركردن .
٣) دیاری كردنی سه‌عاتی كارو كرێی رۆژانه .
) نه‌هێشتنی بێكاری له‌رێی ئیش پێكردنی هه‌موان به‌پێی توانای جه‌سته‌یی كارامه‌یان .
٥) دانی بیمه‌ی بێكاری بۆهه‌موكه‌سیك به‌پێی رێژه‌یه‌كی گونجاو بۆ بژێوی خێزانێك .
) دابینكردنی به‌شداری كرێكاران له‌ئیداره‌ی سیاسی و ده‌وله‌ت و كومه‌ل .

٧) مافی خۆرێکخستن لەسەندیکاو بەشداریان لەنەخشەوپلانی کارگەو بەرێوەبردنی ئابوریولات .

دان بەمافی مانگرتن دەرببرێت

## س - مافی ئافرەتان و مندالان

یەکێک لەکێشە ئابوری - سیاسی - کۆمەلایەتیە گرنگەکانی کۆمەل ، کەنیوەی کۆمەل گیرۆدەی بووەو ئازاری پێوەدەکێشێ ،
مەسەلەی ئافرەتانە کەبەشێکی داخوازەکان لەبەرنامەی دیموکراسیدا پابەند دەکرێن ، هەتا ئازادی تەواوی ئافرەتان :
ا) ماوەی خانەنشینی ئافرەت بەحوکمی منال بون و منال بەخێوکردن پێنج سال کەمتربێ لەپیاو .
ب) چەوساندنەوەی ئافرەت و تەوهینی وپێرکردنی لیدانی سەربەستی قەدەغەکردنی ، بۆپیاو ، لەژێر هەموو چەشنە پەردەو بیانوویەک دا وەکو تاوانی کۆمەلایەتی بەپێی جۆری چەوسانەوەی ، سزای یاسایی بۆ داریژری .
ج) فرەهاوسەری ، ژن بەژن ، گەورەبە گچکە ، باربەها ، بنپشک و مەسلەتی پیکردن ( بەدەل خوین )و هەمو جۆرە مامەلەکردنێکی دەرەبەگایەتی و خیلەکیتی لەگەل ئافرەتدا ، بەتەواوی قەدەغە بکری.
د) بەتال کردنەوەی سەرجەم یاسا ئابوری و کومەلایەتی و سیاسیەکانی دەولەت کە بەپێی پاراستنی جیاوازی مافەکانی نێرومێ دارێژراون .
ه) دابینکردنی داینگەو باخچەی ساوایان لەشوێنی کاروژیاندا .
و) رۆژی ئافرەتانی جیهان ٣/٨ بکرێتە(عوطلەی رەسمی) .

ز) ئازادی دامەزراندنی رێکخراوی رۆشنبیری و کۆمەلایەتی و پیشەیی ئافرەتان و سەربەستی پەیوەندی پێوەکردنی رێکخراوە جیهانی و ناوچەیی و عێراق و کورد ستانیەکان ، بۆهەلسورانی سیاسی ، رۆشنبیریو پشتیوانی کردن و پشتیوانی دابین کردن بلا کێشەی خۆیان و میللەتەکەیان .
د) دابینکردنی مافی دایکایەتی .
ه) پاراستنی مندال و ئیش پێکردنی مندالان قەدەغە بێ .
ر) کردنەوەی حەزانەو رەوزەو باخچەی مندالان و پەروەردەکردنیان .
ژ) بایەخ دان بەپاراستنی تەندروستی مندالان .

## ه - دادگاو داوەر

١) دادگا

دادگا ، دەزگایەکی گرنگی بەرێوەبردنی کۆمەل و رێکخستنی ژیانی کۆمەلایەتیە ، هەتا دادگا هەلقولاوی خواستی خەلک بێ ، کێشەی خەلک چاکتر چارەسەر دەکرێ بۆیە : -
ا) دادگا دەبێ ناوەندێکی یاسایی سەربەخۆ یی و مافە یاسایی سیاسیەکانی بەمشت و مری دیموکراسیانە دارێژرێ .
ب) هیچ لایەکی سیاسی ، لەسەرحوکم بێ یان ئەبێ ، نابێ دەست بخاتە کاروکرداری دادگاوە .

٢) داوەری

داوەری پێویستە لەقالبی دژی مرویێ رزگار بکرێ و بخرێتە سەررێبازی پێشکەوتن خوازانە بۆچۆنیەتی چارەسەرکردنی تەنگ و چەلەمەکان بۆیە :
ا) داوەری ئازادانە بێو بەئازادی تاونبار بخرێتە ژێر لێکولینەوە .
ب) زەبرو ئەشکەنجە بەکارهێنان لەکاتی داوەریدا تەواو قەدەغە بکرێ .
ج) هەمو تاوانبارێک مافی بەرگری لەخۆکردن و هەلبژاردنی پارێزەری دلخواز هەبێ .
د) پارێزەر ، لەپارێزکاری لێکردنی تاوانباردا ئەوپەری سەرپشک بکرێ بۆ پشکنینی راستیەکان و توێژینەوە لەچۆنیەتی دۆزینەوەی نهێنی گرفت و کێشەکاندا .
ه) هیچ کەسێک بێ بەلگەی سەلمێنەر ، وەبێ زویری دادگا نابێ لە بیست وچوار سەعات زیاتر ( توقیف) بکرێ گەر پێویست بکا بەبێ رەزامەندی دادگا بۆ درێژکردنی ماوەکە وەربگیرێ .
ر) زەرەری ماوەی لێکولینەوەو داوەری پێویستە ببژێردرێ .
س) هەمو سەرپەرشتێکی خێزان و بنەمالەیەک لەسەر تاوان حوکم درا ، موچەخوربێ دەبێ موچەکەی بدرێتە مال و منالێ هەتا کۆتایی ماوەی حوکم . کاسبیش بێ زەرەری ببژێردرێتەوە ،

## بارودوخی عیراق

عێراق ، وولاتێکی سەرمایەداری بیروکراتیو ا بەستەکی سەرمایەداری جیهانیە • چینە قەلمرەوەکەی ، بۆرژوازی مشەخۆری نەتەوەی سەردەستەیە شێوە حوکمەکەی شۆڤینی ـ دکتاتۆریە رژێمی عێراق ، جگە لە پێشل کردنی مافە دیموکراسیو ئازادیەکانی سەراپای عێراق و چەوسانەوەی کرێکارانو زەحمەتکێشانی ، میراتگری حکومەتە داگیرکەرەکانی پێشتری کوردستان لە کوردستانی بەشی عێراق •

تاقی کردنەوەی مێژوو سەلماندویەتی کە رژێمی عێراق لە رووخانی بەولاوە لە پێناوی هێنانەکایەی کۆمارێکی دیموکراسی چارەیەکی دیکەی نیە ، بەلام ئەم ئەرکە رێ لەوە ناگرێ گەلی کوردستان هەرکاتێك بۆی هەلکەوێ بریاری مافی چارەی خۆنوسینی سەربەخۆیی بدا • بەرەنجامی ئەو هەموو سیاسەت و شەرە خوێناویانەی کۆمەلانی گەلی عێراق گەلی کوردستانیشی تێ شکانی رژێمیان لە شەرێ دووەمی کەنداو قۆزتەوە راپەرینێکی شکۆداریان کردە دورنمای رزگاریانو لەسەرەتا سەری عێراق و کوردستان راپەرین • لەبەر چەند فاکتەرێکی خودی ـ دەرەکی لە راپەریندا هەلوکە لەبار بسراو نەیتوانی ئامانجە سەرەکییەکانی کەرووخاندنی رژێم و هێنانەکایەی رژێمێکی دیموکراسی بهێنێتە دی. بەلام هۆکارەکانی تەقینەوەی راپەرینو بێزاری خەلکی هێشتا بەردەوامە و گەشە دەکاو ئاسۆی جولانەوەیەکی دیکەی کومەلانی خەلك رووتە • ئەگەر ئۆپوزیسیۆنی عێراق بتوانێ ریزەکانی یەك بخاو هەول و خەباتی ئاراستەی گۆرەپانی سەرەکی خەباتی ناوەخۆ بکاو سوود لە ئەزمونو کەمو کوریەکانی راپەرینی پار وەربگرێ •

ئەم ئەرکە سەرەکیە ئێستاش لەبەردەم هێزەکانی ئۆپوزیۆسیونی عێراق کۆمەلانی گەلی عێراق دایە ، چونکە بەبێ روخاندنی رژێم بارودۆخ ئاسایی نابێتەوە و گەلی عێراقو کوردستان،دەبێ لەسایەی شۆڤینترین رژێمو دیکتاتوریەت و بێ ماف و ئازادی باجی سیاسەتی چەند سالە حوکمی رژێمی عێراق بدەن •

لەبارودۆخی ئەمرۆدا رژێم لە ژێر فشاری ئابوری بێزاری رقی کرێکارانو زەحمەتکێشاندایەورۆژ بەرۆژ مەترسیەکانی برسیەتی ، بێ کاری و نەبونی پیداویستەکانی ژیانو بژێوی خەلك لە زیاد بوون دایەوترس و دودلی لە چارەنوس و ئایندە بە سیمای خەلکەوە دیارە •

رژێمیش بۆ درێژەدان بەتەمەنی ، بەردەوام لە مانۆرو لە پیادەکردنی سیاسەتی کوشت و برو نادیموکراسیو دیکتاتوری • هەروەها رژێمە لەرزۆکی لە بەرامبەر نارەزایی دەرەکیو ناوخۆیی،ناتوانێ تاسەر درێژەبەفرمانرەوایی خۆی بدا • بۆیە هەلپەی مانۆری ساختەو لەروکار خۆ دەرخستنی کە پیادەی دیموکراسیو ئازادی دەکا •

حزبی ئێمە بە هاوکاری حزبە کوردستانیەکانو هاوپەیمانی لەگەل هێزەکانی ئۆپوزسیۆنی عێراقی بە هەموو ئاکارە بنچینەیی یەکانی لە نەتەوەی عەربیو ئیسلامی و دیموکراتیو لە پێناوی یەکخستنی هێزو وزەی گەل تێ دەکوشێ ، بۆ رزگاربون لە دیکتاتوریەت و دامەزراندنی رژێمێکی

دیمکراتی کە بڕیاری مافی دیاریکردنی چارەنووسی گەلی کوردستان بە پێك هێنانی یەکێتی یەکی ئارەزوومەندانەی فیدرالی بداو ئاسایش و ئاشتی لە ناوچەکەدا دابین بکا .

### بارودۆخی عەرەبی و ناوچەکە

سیمای سیستەمی نێو دەولەتی نوێی جیهان و بارودۆخێکی دیکەی هێناوەتە گۆڕێ لە سەرتاسەری دونیا کە ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست بە حوکمی بایەخی ئابوری بەرچاوی لە جیهاندا لە سەردەمی جەنگی دووەمی جیهان بەدواوە زیاتر بایەخی دەدرێتێ و نەخشەی ئابوری کۆمەلایەتی و سیاسی نوێتری بۆ دادەڕێژرێ/ سەرەڕای مانەوەی گیروگرفتە سەرەکیەکان و کۆنی ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست . تا ئێستا بێ چارەسەرن و گیروگرفتی عەرەبی لەگەل ئیسرائیل و ولاتە دراوسێکان هەیە .

کوردستانیش وەکو مەلبەندێکی ئابوری جوگرافی بەهاداری ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست پشکی ئەو بایەخەی بەردەکەوێ لە فەراموشی زەمانە دەربازی دەبێ و کێشەکەی بە چەشنی کێشەی فەلەستین و لوبنان و کەنداو / تیشکی سیاسەتی جیهانی دەخرێتە سەرو، چیکە دووچاری چەرمەسەری لەمەوە پێش ناکرێتەوە هەربۆیە پێویستە بزوتنەوەی رزگاریخوازی کوردستان / وێرای پاراستنی سیاسی سەربەخۆی پیشکەوتنخوازی دەرەکی گەوهەری سیستەمی نوێی نێو دەولەتان بکاو لە ئاست گۆڕانکاریەکانی سەردەمیش دا بەرەوسەرکەوتن کوتایی پێ هێنانی ژیانی کویلەیی ئاراستەی شۆڕشگێرانە بکرێ .

حزبمان پشتگیری هەرهەولێکی ناوخۆو ناوچەکە و جیهان و دنیا دەکەین بۆ چارەسەرکردنی گیروگرفتەکانی ناوچە بە ڕێگایەکی ئاشتیانەدان و سان لە سەربنچینەی دانی مافی گەڕانەوە و چارەنوسی بە گەلی فەلەستین پێک هێنانی . هەروەها بۆ چارەسەرکردنی کێشەی کورد لە سەر بنچینەی دانی هەموو مافە نەتەوایەتیەکان بۆگەلی کوردستان لە هەر پارچەیەك ماف دیاری کردنی چارەنوس بە پێك هێنانی دەولەتی نەتەوەی وەك هەرگەلێکی تری ناوچەو دونیا .

### ( بارودوخی نێو دەولەتان )

دوای سەرکەوتنی سیستەمی سەرمایەداری بازاری ئازادو لیبرالی بەسەر سیستەمی ئابوری ڕۆژهەلاتی بیروکرات لە جەنگی سارددا / سەراپا جیهان کەوتە ژێر دەسەلاتی سەرمایەدارە سەرکەتووەکانی بازاری ئازاد بەم سەرکەوتنەش سەرمایەداری بناغەی بەدیهێنانی بناغە دێرینەکەی کە لە سەرەتای سەدەی بیستەمەوە بۆی تێدەکۆشا / ئەویش ئابوری سەرمایەداری جیهانیە . ( ئابوری کوسمۆپۆلیتی ) دادەرێژێ / ئەم ئابوریە سەرمایەدارییەی لە مەودوا ئابوری نوێ چەشنی سەرمایەداری دەبێ . واتە سەرمایەداری کاژی سەرمایەداری و هاکانی جەنگی سارد ڕادەمالێ و کاژی ڕژێمی نوێی ئابوری و سیاسی هەلدەدا / کە هەلبەتە ئەم ڕژێمە ئابوری وسیاسیە نوێیە . پێشخراوتر دەبێ لە ڕژێمی لەمەوبەری سەرمایەداری . بەلام هەر ڕژێمی سەرمایەداری لە پارستنی خاوەنداریێتی تایبەتی و لە چەوسانەوەی کرێکاران و لەکەلەکەکردنی زێدەبایی و لە دزینی کساری هەژاران و کەرەسەی خاودا . لە دژایەتی کردنی بێ ئامانی سوشیالیزمی و مافی دیموکراسی

چارەی خۆنووسی گەلان دا .

لەمەودوا دەبینین چۆن سەرمایەداری سەراپای ئابوری جیهانی زیاتر لە جاران پێکەوە دەبەستێ و بەڕێوەدەبا ، چونکە سەرمایەداری ، لەم دوا دەهەی سەدەی بیستەم دا دەبوو دەرەتانی چارەسەرکردنی ئاستەنگ و قەیرانەکانی لەمەوپێشی دابین . تەواوی گۆشەو کەنارە ئابوریەکانی جیهان بکاتە فرۆشگای ساغ کردنەوەی پرۆژەی کومپانیەکانی و کالا کەڵەکە کراوەکانی ناو وە بۆ ( عەمبار)ەکانی . دەنا دووچاری چارەنووسی تەقینەوەی قەیرانەکانی لەم چەند ساڵەدا دەهات .

مرۆڤایەتی لەمەودوا ، بارودۆخێکی نوێ چەشن لەهاوسەنگی و گونجانی لایەنەکان و دەرکەوتنی گەوهەری نوێ بەخۆیەوە دەبینێ کەسوور بوون لەسەر دیموکراسی و مافی مرۆڤ و ئازادی ئەقلی گەشی قۆناغی پاش جەنگی سارد دەبێت .

گرنگترین سیمای بارودوخی لەمەودوای سەردەمەکە بریتی دەبێ لە ، نەمانی بۆربۆرێنی چەکی و چارەسەرکردنی گیرگرفتە ناوچەییەکان بەپێی پێویستی زاڵی سەردەم و ریشەکێش کردنی گرفتە ناوچەییە مەترسیدارەکان .

سەردەمی جەنگی سارد ، کەنیوسەدەی خایاند ، دوای سەرکەوتنی جەمسەرە سەرمایەدارییەکەی بازاڕی ئازاد بەسەر جەمسەری رۆژهەڵات و یەکێتی سۆڤیەت کۆتایی بەوبگرەو بەردە عەسکەری و ئابوری و سیاسیە لەنێوان زلهێزەکان هینا کەسەراپای جیهان گیروودەی بوبوو .

سیمای ئەم سیستەمە نێو دەولەتیە نوێ چەشنە هێشتا نەخەملیووە بەلام بێگومانە قۆناغێکی بالا لەبەردەم سەرمایەداری جیهانی والا دەکا کەئەویش تەکان پێدانی زیاترو زۆرتری گورو تەوژمی سەرمایەداری وەك یەك سیستەمی جیهانی گیر لەهەموو روویەکی ئابوری و پیشەسازی و شارستانیەوە .

ئەم بارودۆخە نوێ یەی لەمەودوای نێو دەولەتان ، کاردەکاتە سەر سەرانسەری بزوتنەوەی کۆمەلایەتی و ئابوری و سیاس لە جیهاندا ، ئەمەش بەرژەوەندیەکان تێکەڵ دەکاو ژیانی کۆمەلایەتی دەگۆڕێ و ، هاوپەیمانیتی وەردەچەرخینێ و . هی نوێ دەسازێنێ و ناوەندە دەوڵەتیەکانی جیهان لە هەموو بارێکەوە ئاڵ و گۆڕ پێ دەکا .

( خەباتی نێو نەتەوەیی )

ئیمپریالیزم جیهانی بەتەواوەتی خستۆتە قاڵبی سەرمایەداری ، بۆیە بەرەبەرە ناکۆکی نێوان کرێکارو گەلانی ژێردەست و سەرمایەدار لەسەر ئاستی جیهان زیاتر لەجاران دەبێتە واقعی بابەتی ، ئەمەش . بەزەرورەت خەباتی نێونەتەوەیی دەخولقێنێ بۆ وەرگرتنی هەلوێستێکی بابەتیانە زانستی و لێك دانەوەی بابەتیانەی پایەی چینایەتی و کۆمەلایەتی کرێکاران لە ژیانی جیاوازی وولاتانی پێشکەوتوو دواکەوتوودا دۆزینەوەی ژیرانەی ئەلقەی خەباتی جیاوازو ناوکۆیی کرێکاران لەمەڕ رزگاری و دیموکراسی و سۆسیالیزم .

پێویستیەکی شۆرشگیرانەیە ، لەم پێناوەدا . لەگەڵ کرێکاران و هێزە دیموکرات و سۆسیالیستەکانی جیهان بۆ پەروا تێدەکوشین .

و / خوێندن

١ ـ دانانی پلانێك بۆ چارەسەرکردنی نەخوێندەواری لە کوردستان .
٢ ـ ئاوەدان کردنەوەی قوتابخانەکان .
٣ ـ دانانی پرۆگرامێکی نیشتمانی لە خوێندن .
٤ ـ پەرەپێدانی دەزگاکانی خوێندن لە کوردستان بایەخدان بە ژیانی مامۆستایان .

ـ تەندروستی

١ ـ ئاوەدان کردنەوەی خەستەخانەکان .
٢ ـ دابین کردنی داو دەرمان .
٣ ـ دابین کردنی دەزگای پێشکەوتووی چارەسەرکردن .
٤ ـ پارێزگاری کردن لە تەندروستی گشتی و رێگە گرتن - لە بڵاوکردنەوەی نەخۆشی ، تەشەنەکەر .
٥ ـ پاك راگرتنی ئاو و هەوای دەوروبەر .

ز ـ گرانیو بێکاری

١ رێگە گرتنو دانانی پلانێك بۆ نەهێشتنی بێکاری .
٢ ـ دۆزینەوەی کار بۆ ئەو کەسانەی کە توناى پیشه‌ کردنیان هەیە .
٣ ـ کردنەوەی دەرواتی بۆ بەرزکردنەوی ئاستی هونەریان .
٤ ـ دەست نیشانکردنی موچەی مانگانە بە گوێرەی ئاستی ژیانو گوزەران .

ك ـ گەشت و گوزار ( سیاحة )

١ ـ دانانی پلانێك بۆ گەشتو گوزار لە کوردستان .
٢ ـ بایەخدان بە هاوینە هەوارەکان بەکردنەوەی ( هوتیل ، گازینۆ ، شاری یاری ) .
٣ ـ دانانی نرخی گونجاو بو هاتو چۆ مانەوە .
٤ ـ گرنگی دان بە پاك راگرتنی خواردنو شوێنە گشتی یەکان .

ل ـ دارستان

١ ـ پاراستنی سامانی دارستان لە کوردستان .
٢ ـ قەدەغەکردنی برینو سوتاندنی دارەکان .
٣ ـ بایەخدان بە چاندنی داری بە بەرهەم .
٤ ـ دانانی پلانی چاندنو پەرەپێدانی دارستان .
٥ ـ پەرەپێدانی لایەنی جوانکاری سروشتی کوردستان و پاراستنی.

م – وەرزش

١ – وەرزش کارێکی شارستانی هاوچەرخە پێویستە گرنگی بە رۆشنبیری وەرزش بدرێ .
٢ – هاندانی منداڵ و لاوەکان بۆ وەرزش لە پێناوی پتەوکردنی لەش ومێشک .
٣ – کردنەوەی بایەخ دان بە یانەکانو مەڵەوانگەکان .
٤ – دابین کردنی ( مەیدانەکانی وەرزش و کەل و پەلی پێویست بۆ وەرزش کاران ) .
٥ – کردنەوەی کێ بڕکێ تەواوی وەرزشەکان .

ن – رۆشنبیری

١ – دانانی رێ و شوێنی بۆ سڕینەوەی شوێنەواری شێواندنو پاشخستنی زمانو مێژوو فەرهەنگی کوردی .
٢ – دانانی پلانێك بۆ پێشخستنو پەرەپێدانی زمانو کەلەپوری نەتەوایەتی .
٣ – دمەزراندنی بنکەی زانستیو رۆشنبیری و ئەدەبیو هاو هەنگ کردنیان .
٤ – هەوڵدان بۆ یەکخستنی زمانی ئەدەبی کوردی .

س – رێکخراوە پیشەیەکان .

لە کۆمەڵی کوردستان دا توێژێکی بەرفراوان لە مامۆستایانو خوێندکارو ئەندازیارو نوسەران ، هونەرمەندانو ماف پەروەران هەن کە پێویستیان بە رێکخراوی سەربەخۆی خۆیان هەیە بۆ کۆکردنەوەو رێکخستنیان لە رێکخراوی سەربەخۆی خۆیان ، بۆ بەرگری لە ماف و پێداویستیەکانی ژیانیان پەیوەست بونیان بە بزوتنەوەی رزگاریخوازی گەلەکەمان پێویستە وابینی ئەم مافانەیان بکرێ .

١ – پێشخستنو پتەوکردنی رێکخراوە پیشەو جەماوەریەکان .
٢ – گرنگی دانو چارەسەرکردنی گیروگرفت و پێداویستەکانی رێکخراو کۆمەلەو سەندیکاکان .
٣ – پاراستنی سەربەخۆیی رێکخراوی پیشەو جەماوەری هەڵس و کەوت کردن بە گیانێکی دیموکراتی لەگەڵیان .
٤ – دابینو داکۆکی . بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی بژێوی گوزەرانی کەسانی پەیوەست بەم رێکخراوە پیشەو جەماوەریانە .
٥ – دابین کردن کۆمەکی کردنیان بۆ پێداویستی خۆرو کۆبونەوەو کۆنفرەو سمینار .

ع – خوێندکارو لاوان

١ – دابین کردنی مافە ئەکادیمیو پیشەیی خوێندکارو لاوان .
٢ – دابین کردنی مافی خورێکخستن لە یەکێتیەکی تایبەتی بەخۆیان .
٣ – پەروەردە کردنیان بە گیانی نیشتمان پەروەریو مرۆڤ دۆستی .
٤ – دابین کردنی مافی بەخۆرایی خوێندن .
٥ گرنگی دانو کردنەوەی قوتابخانە پیشەییەکان .
٦ – ناردنیان بۆ مەشق کردنو وەدەست هێنانی کارامەیی لە بنکە زانستیەکانی دەرەوە .

٧ ـ هاندانیان بۆ دەستپێشکەری و داهێنانو هونەرو بۆ تەقاندنەوەی وزەو توانایان .

٨ ـ کردنەوەی بنکە رۆشنبیریەکان بۆ پەرەپێدانی رادەی هۆشیاری و رۆشنبیریان .

ف ـ پێشمەرگەو شەهیدو پەککەوتەکان

١ ـ یەکخستنی و ریکخستنی هێزی پێشمەرگەو وەك لەشکرێکی شۆڕشگێڕ و مسۆگەر کردنی ژیانو گوزەرانیانوبەرزکردنەوەی ئاستی هۆشیاری و مەشق پێ کردنیان .

٢ ـ دابین کردنی پێداویستیەکانی ژیانی خێزانی شەهیدانو پێگەیاندنو پەروەردە کردنی مندالەکانیانو ژیان و دوا رۆژی پەککەوتەکانی کوردستان .

٣ ـ دابین کردنی موچەی خانەنشینی بۆ پەککەوتەو شەهیدان .

٤ ـ دابین کردنی خانوبەرە بۆ خێزانی شەهیدانو پەککەوتەکان .

ص ـ کوردە فەیلی یەکان و ئاوارەکان

١ ـ هەلوەشاندنەوەی هەموو ئەو یاساو بریارە شۆڤینست و نائاساییانەی دژی کوردە فەیلیەکان و ئاوارەکان دەرکراون .

٢ ـ گەڕاندنەوەی جنسیەو سەروەت و سامانەکانیان و بژاردنی زەرەرو زیانەکانیان

٣ ـ بەسەرکردنەوە و کارکردن لە نێو ئاوارەکان و سوود وەرگرتن لە تواناکانیان بۆ خزمەتی کوردستان .

ق ـ ئاینو زانایانی ئاینین

١ ـ رێزگرتن لە ئایینی ئیسلامو ئایینەکانی تر لە کوردستاندا .

٢ ـ حورمەت گرتنی مزگەوت و کەنیساو شوێنە ئایینیە تایبەتیەکان .

٣ ـ رێز گرتنی زانایانی ئایینیو دابین کردنی ژیانو گوزەرانیان .

٤ ـ ریزگرتن لە رێورەسمو بۆنە ئایینیەکان .

٥ ـ ریزگرتن لە رێ و رەسمی ئایینی ئیزیدی و شەبەك و نەهێشتنی چەوسانەوە و گەڕانەوەیان بۆ شوێنی باپیران .

ر ـ کەمە نەتەوایەتیەکان

١ ـ دابینکردنی مافە نەتەویی و ئیداری و روشنبیری یەکانی ئاشووری و تورکمان

٢ ـ رێزلێ گرتنی هەست و نەریت و رێ و رەسمە ئایینیەکانیان .

٣ ـ مسۆگەرکردنی رێژەی نوێنەرایەتیان لە دامو دەزگاکانی کوردستان دا بە پێی ژمارەی دانیشتوانیان .